# دوو نامە

ئا: ڕامان

*** نامەی یەکەم**

برای بەڕێز کاکە وریا ئەحمەد (١)


لەگەڵ سڵاو و ڕێز بۆ تۆ و براژن و منداڵەکان، هیوادارم هەردەم شاد و سەرکەوتووبن.

کاکە گیان، ئەمە نامەی دووهەمە دەگاتە خزمەتت، نازانم گەیشتوون، یا نە، لە نامەی یەکەمدا داوام لێ کردووی کە: دەمەوێ لەسەر (مامۆستا تاهیر تۆفیق) شتێک بنووسم، بەڵام جگە لەو شتانەی کە خۆم بەرانبەر، لێی دەزانم، سەرچاوەی دیکەم لەلا نین، جا ئەگەر تۆ ئەو خزمەتەم پێ بکەی و ئەوەی سەبارەت بە مامۆستا لەلاتە، بۆم بنێری، یەک دنیا مەمنوونت دەبم و نێویشت دەنووسم و بڵاوی دەکەمەوە.

جگە لەوانە، وێنەیەکی (سێوە)(٢) هەیە کە لە ئێزگەی بەغدا، لەگەڵ کاک ولیەم یۆحەننا و ئەوان گرتوویەتی، ئەگەر ئەوەشم بۆ بنێری، دیسان هەر ئانی مەمنوون، بەڵام گرنگتر ئەوەیە کە: خۆت کۆمەڵێک پرسیار لە خۆت بکەیت و وەڵامیان بدەیتەوە (٣) و بەنامە، بە کەسێکی ئەمیندا، بۆمی بنێری هەتا لە گۆڤارەکانی ئێرەدا بڵاوی بکەمەوە. (دیارە هەر پرسیارێک کە دەتەوێ، سیاسی، کۆمەڵایەتی، هونەری و هی دیکە، خۆت سەرپشک بە) و بۆمی ڕەوانە بکە.

کاکە وریا گیان ئەگەر بە زەحمەت نابێ، لەگەڵ نامەکەی خۆت، نامەیەکیشم بۆ کاک چەتۆ نەورۆز لە ڕواندز بەڕێ کردووە کە تکات لێ دەکەم بۆی بنێرە.

**ئیتر کاتت ناگرم، برات: ناسر ڕەزازی**



برای بەڕێز کاکە وریا ئەحمەد

لە گەڵ سلاو و ریز بۆ تۆ و براژن و منداڵەکان، هیوادارم هەردەم شاد و سەرکەوتوو بن. کاکە گیان ئەمە نامەی دووهەمە دەگاتە خزمەتت، نازانم گەیشتوون یان نە، لە نامەی یەکەمدا داوام لێ کردووی کە: دەمەوێ لە سەر (مامۆستا تاهیر تۆفیق) شتێک بنووسم، بەڵام جگە لەو شتانەی کە خۆم بەرانبەر، لێی دەزانم، سەرچاوەی دیکەم لە لا نین. جا ئەگەر تۆ ئەو خزمەتەم پێ بکەی و، ئەوەی سەبارەت بە مامۆستا لە لاتە، بۆم بنێری، یەک دنیا مەمنوونت دەبم و نێویشت دەنووسم و بلاوی دەکەمەوە.

جگە لەوانە، وێنەیەکی (سێوە) هەیە کە لە ئێزگەی بەغدا، لە گەڵ کاک ولیەم یوحەننا و ئەوان گرتوویەتی، ئەگەر ئەوەشم بۆم بنێری، دیسان هەر ئانی مەمنوون.

بەڵام گرنگتر ئەوەیە کە: خۆت کۆمەڵێک پرسیار لە خۆت بکەیت و وەڵامیان بدەیتەوە و بە نامە بە کەسێکی ئەمیندا، بۆمی بنێری هەتا لە گۆڤارەکانی ئێرەدا بلاوی بکەمەوە. (دیارە هەر پرسیارێک کە دەتەوێ، سیاسی، کۆمەڵایەتی، هونەری و هی دیکە، خۆت سەرپشک بە)و، بۆمی ڕەوانە بکە.

کاکە وریا گیان ئەگەر بە زەحمەت نابێ، لەگەڵ نامەکەی خۆت، نامەیەکیشم بۆ کاک چەتۆ نەورۆز لە رواندز بەڕێ کردووە کە تکات لێ دەکەم بۆی بنێرە.

ئیتر کاتت ناگرم، برات، ناسری ڕەزازی

**پەراوێز:**

**(١) ئـەم نامەیـە مێـژووی بەسـەرەوە نییـە، بـەڵام بەپێی ڕێکەوتی نامەکەی دی، هـەر دەبێ لـە سـاڵی ١٩٩٥ نووسـرابێ.**

**(٢) ئەو وێنەیەی سێوە کە لە ئێزگەی بەغدا گیراوە، تا ئێستا چەندان جار بڵاوکراوەتـەوە و بە خوێنەرانی کورد ئاشنایە.**

**(٣) لـەو نامەیـەدا ئـەو ڕسـتەیە سـەرنجی ڕاکێشـام کـە دەڵـێ: (خـۆت کۆمەڵێک پرسـیار لەخـۆت بکەیـت و وەڵامیـان بدەیتـەوە).**

*** نامەی دووەم**

**برای بەڕێز مامۆستا وریا!**

**لەگـەڵ سـڵاو و ڕێـز، ئاواتەخـوازم کـە هـەردەم سـاغ و سـەلامەت بـی، هیـوادارم لەنـاو ئـەو بارودۆخـە دڵتەزێنـەی کوردسـتاندا دووربـی لـە کەنـد و کۆسـپ.**


**کاکـە گیـان ئەمـە نامـەی سـێهەمە بـەرەو لات ڕەوانـەی دەکـەم، بـەڵام نازانـم بۆچـی بـێ وەڵام ماونەتـەوە. ئایـا پێـت نەگەیشـتوون، یـان؟!.. تکایە داوام دیسان لـە تـۆی بەڕێز ئـەو داواکارییەی پێشـووە کـە بـۆ لەسـەر نووسـینی کۆچکـردوو مامۆسـتا تاهیـر تۆفیـق پێویسـتمن.**

**نامـەی پێشـووم کـە لەنـاو کامپیۆتـەردا هەڵگرتـووە، خسـتمە سـەر ئـەم نامەیـەی دوایـی بـۆ ئـەوەی بـڕوام پـێ بکـەی کـە ئەمـە نامـەی سێهەمە، جا ئەگـەر نابێتـە زەحمـەت بـە تەمـای وەڵامـم، ئیتـر کاتـت ناگـرم، هـەر بژیـت بـە سـەربەرزی.**

**برات: ناسری ڕەزازی**

**ستۆکهۆڵم- ١٩٩٥/١٠/٥**

**ئیمزا**



برای بەڕێز مامۆستا وریا!

لەگەڵ سڵاو و ڕێز ئاواتەخوازم کە هەر دەم ساغ و سەلامەت بی. هیوادارم لە ناو ئەو بار و دۆخە دڵتەزێنەی کوردستاندا دوور بی لە کەند و کۆسپ.

کاکە گیان ئەمە نامەی سێهەمە بەرەو لات ڕەوانەی دەکەم، بەڵام نازانم بۆچی بێ وەڵام ماونەتەوە. ئایا پێت نەگەیشتوون یان ؟! ... تکایە داوام دیسان لە تۆی بەڕێز ئەو داواکارییەی پێشووە کە بۆ لەسەر نووسینی کۆچکردوو مامۆستا تاهیر تۆفیق پێویستمن.

نامەی پێشووم کە لەناو کامپیۆتەردا هەڵگرتووە، خستە سەر ئەم نامەیەی دوایی بۆ ئەوەی بڕوام پێ بکەی کە ئەمە نامەی سێهەمە. جا ئەگەر نابێتە زەحمەت بە تەمای وەڵامم. ئیتر کاتت ناگرم، هەر بژیت بە سەربەرزی.

برات ناسری ڕەزازی ستۆکهۆڵم ١٩٩٥/١٠/٥